# یەکەم شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر لە شاری کۆیە

پارێزەر فایق جەمیل

شانۆگەری گەر لە هەرشارێ بە هەر شێوەیەك بوبێ , بۆ یەکەم جار لە چوارچیوەی قوتابخانەکانەوەبوە واتە قوتابخانەو چەند ماموٚستایەك لەم بوارە لە کوردستان بە بنەمای بزوتنەوەی شانۆگەری لە قەلەم دەدرێن , بۆ نمونە شوێکار وپەیکەرتاش و ئەکتەرو دەرهێنەری شانۆ ماموٚستای هونەرمەندی کۆچکردو ( جواد رسول ناجی )(1) لە شارۆچکەی ( رواندوز )لە سالّی 932 / 933 لە سەدەی رابوردو کە لە پۆلّی پێنجەمی سەرەتایی بووە ئەکتەری سەرەکی شانۆگەری (نیرون الجبار ) – نیرۆنی قارەمان - بووە کە بە هەرە شانۆگەری یە ناسراوەکانی شکسپیر ئەژمێردری - هەر لەم شانۆگەری یە برۆی لا چەپی بە شیری نیرۆن بریندارەدەبی لە ژیانی دا شوێنی برینەکە هەر مابو , بە یارمەتی هەندێ قوتابی هەراش شانۆی دامەزراندووە هەر خۆشی دیالۆجی بۆ نوسیوە دەرهینانیشی هەر لە ئەستۆی دا بووە .لە رۆژی نمایشکردنی خەلکێ زۆر لە باوك وبراو خزمانی قوتابیان لیێ کۆبونەتەوە .

سەبارەت بە شاری کۆیە ( حاجی محی الدین ) (2) ئەلێێ وەك خۆێندویەتەوە لە سالانی سیەکان لە سەدەی رابوردو ( عومەر عبدولا ) – براگەورەی (عەلی عەبدولا ) – خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (خەبات ) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان – لە قوتابخانەی کۆیەی ئەم کات هۆگری شانۆگەری بووە و چەند شانۆگەریەکی پێکهیناوەو هەرخۆشی وەك ئەکتەر دەوری تێدا بینیوە , لە لایەکی دی وا دیارە ئەم خەسلەت وچالاکیەی شانۆگەری( عەلی )برای لێی هەرگرتۆ تەوە وابو لە سالانی ناوەراستی چلەکان لە سەدەی رابوردو لە شاری کۆیە عەلی عبدولا لەم بوارو مەیدانە بەردەوام بو ئێمە ی هەندیێ لە قوتابیانی پێنج وشەشی سەرەتایی قوتابخانەی کۆی سنجاقی یەکەم لە نهۆمی دووەمی بیناکەی (قادر یاسین ) کەتوبووە خواروی بازاری گەورەی کۆیە مەشقی بۆ شانۆگەریەك پێدەکردین لە یادمە لەم شانۆگەریە ( مام جەلال ) وەك ئەندامی بەرلەمانی عیراق وتاری بەرەی ئەپۆسیونی دەخوێندەوە لەم کات ئەندامانی دەرەبەگ وشێخە عەرەبەکان ئاگاداری هیچ نەبون هەندێ کوتکە خەو دەیبردنەوە هەندێ دی لەشیان دەخوراند , لە م ئەندامانە ( عبدرحمان حەوێزی) ناسراو بە عەبدەلرەحمان شێتە(3 ) – گەرچی لە گەلێ کەس عاقل تربو – بەلام کۆیی لەم دێرزەمانە ئەبوا کەس بێ بەش نەکەن لە نازناو ..؟؟ , عەبدولرەحمانیش هەر بە سروشتی خۆی گەلێ قەلەبالغ وبە هات وهاوار بو , لە نێو بەرلەمان گەلێ جموجۆلی سەیری دەکرد خەلکانی ئامادەبوو کەوتوبونە پێکەنین و گالتەجاری بۆیە کەس ئاگاداری وتەکەی مام جەلال نەبو ,زۆر چاك لە یادمە دەستم بلند کرد و بە کاك عەلیم گوت کە ئەم رفتارەسەیرانەی عەبدەلرەحمان وادەکات خەلکان ئاگاداری وتارەکەی ئەپۆسیون نەبن , تێبینەکەی پەسند کرد داوای لە عەبدولرەحمان کرد کە هەندێ جموجۆلیەکانی کەم کاتەوە , ئیدی هەر ئەمەندەو لە یادم نیە گەر ئەم مەشقە و ئامادەبونە ئەنجام درا یا نا , شانۆگەریەکە نمایش کرا ...؟؟

سالّی 945/ 946 لەسەدەی رابوردو لە شاری کۆیە شانۆ بۆ یەکەم جار لە چوارچیوەی قوتابخانە دەرباز بو وابو بە بۆنەی یادی جێژنی نەوروزی ئەم سالّەدا شانۆ بە تەخت و پەردەی ئەملاو ئەولا لەدەرەوەی شار لە سەیرانگای ( تاتوکان )(4) دامەزرا خەلکانی کۆیە بە جلی رازاوەو کەیف وسەما لە دەورەی شانۆ بە هەزاران کۆ بوبونەوە بۆ دیدەنی شانۆگەری کاوەی ئاسەنگەر لە ئامادەکردنی ماموٚستا (کمال عبدالقادر) ( 5) . ئێمەی قوتابیان ئەم جەماوەرە بوین بە رابەری قارەمان ( کاوە ) ی ئاسنگەر تەخت وشکۆی زوحاکمان روخاند هەر لەم کات عەبدولرەحمان لە دەرگای کۆشك وسرای زوحاك بە رمبێکی درێژوو نوك تیژ پاسەوانی دەکرد وناوناوە ش زمانە سورە پانەکەی بستەك دەردەبری خەلکانیش لە قاقای پێکەنینیان دەدا .

هەر لەم ئاهەنگە یا لە ساڵی دوایی – باش لە یادم نیە - لە نەورۆز لە هەمان شوێن دیسان لە دەرهێنانی مامۆستا کمال عبدالقادر شانۆگەری ( گوڵی خوێناوی ) پێشکەش کرا , کیژێ نەبو رۆڵی خۆشەویستەکە بنوێنی , هاوقوتابیمان ( عارف رۆوف) (6) زۆر ژیکەلەبو جلی ئافرەتیان پۆشی و بە هەندێ سۆرو سپیاوی ئەم کات ماکیاج کرا وەرسورا بە کیژەلۆکەیەکی هێسك سوکی لێوەشاوە , ئێستاش لە گویچم دەزرینگێتەوە لاوی عاشق بە دەنگ وسەدایەکی خۆش ئەیچراند :

باخچەی پاشا لەم بەر ئاوە

خێلی دوژمن دەورەی داوە

ئەر وٚم رێگام لێ گیراوە

نارۆم چاوکال لێم تۆراوە .

---

پەراوێزەکان

1 - لە دایکبوی شاری کۆیە ساڵی 922 خوێندنی سەرەتایی لە رواندز تەواوکرد لە قوتابخانەی ئامادەیی ئەربیل و خانەی مامۆستایانی سەرەتای , مامۆستای هونەربو ,ساڵی 975 کۆچی دوایی کرد . بروانە ( مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا ) لە نوسینی د. فەرهاد پیربال / هەولێر 2006

2- لە بنەماڵەی غەفوری یەکان , مامۆستای زمانی ئینگلیزی , زانای پێشکەوتو لە پەروەردەو زانست , خانەنشینە لە هەولێر .

3- چەند ساڵ دەبێ کۆچی دوایی کرد .

4- چەند تاتیٚپان بەر کانیاوێ بچوك و جوگەیەکی باریك لە پانایەکی گیاو گۆل سەیرانگەی بەهارانی خەڵکانی کۆیە زۆر جار ئاهەنگی نەورۆزی لێ دەگێڕدرا .

5- کوردونشتمانپەروەر , مامۆستای زانست وهونەرو خۆش نوس خۆبەختکەر لە پیناو میللەت , باوك وبرایی دلسۆزی قوتابیان رێزدارو هێمن ولەسەرەخۆ , خانەنشینە لە ماڵ کەوتووە بە داخەوە پیاوێ ماقول ولێپسراوێ ئەم زەمانە رۆژێ بەسەریان نەکردەوە .

6- لە دەرچوانی زمانی ئینگلیزی لە کۆلیجی (خانەی مامۆستایانی باڵا ) لە بەغدا, چەند ساڵە جێنشینە لە وڵاتی هۆڵاندە .

هەولێر / مانگی حوزەیران 2007

شایانی وتنە مامۆستاکانی قوتابخانەکەمان بە هەمو لایەنەکانی بە ئەرکی ئاهەنگی نەورۆزەکان هەڵدەستان بە تایبەتی مامۆستا (کمال عبد القادر ) , مەشقی قوتابیان وئامادەکردنیان بۆ شانۆگەریەکان هەروها دامەزراندنی شانۆ وپێویستی یەکانی لە جل وبەرگ وکەلَ وپەلی شانۆ .

---

ئەوەی راست بێ بەش بەحاڵی خۆم هەربە مندالی چاووم بە شانۆگەری کرایەوە لە هەرسێ شانۆگەریەکان لە مەیان ساڵانی 945—947 بەشێوەیەك بەشدار بووم , خۆشەویستیم بۆ شانۆوشانۆگەریبەردەوام بو هەر بۆم گونجابا بە تایبەتی ئەم چوارساڵەی کە لە کۆلێژی دار المعلمین العالیە دەمخوێند لە مەیانی ساڵەکانی952 تا 956 لە گەڵی شانۆگەریەکانی گروپی یوسف العانی ئامادە دەبوم . لە ساڵی 952 لە هۆڵێك ناویم لە یاد نەماوە بەلام بێگومان کەتوبوە شەقام وگەرەکی حەیدەرخانە خۆم گەیاندە شانۆگەری ناسراو ( 6 دە راهەم ) دڵنیام کە یوسف عانی ئەکتەری سەرەکی

بو بابەتەکەی زۆر جەماوەری بو لە جەرگەی هەژاران وبێوادەی دەدا , کابرای خاوەن نەخۆش ( یوسف عانی ) هەر شەش دەرهەمی هەبو کە چی پشکنینی نەخۆش لای دکتۆرەکە بە نیو دینار بو واتە چوار دەرهەم لە کورتی دەدا کابرای دختۆر لەبەر ئەم برە پارەی دەستی لە پشکنینی نەخۆشەکە هەلگرت هەر لەم کات یوسف عانی دختۆری رسوا کردو خەڵکان لە هۆلەکە دەرهاتن وخۆپێشاندانێك لەناو شەقامی رەشید ئەنجام درا ئەم سەرو ئەوسەری گرتەوە هەڵبەتە دژ حکومەت وسیاسەتەکانی نوری سەعید سەیر ئەمە بو زۆر بە هاسانی لافیتەکان ئامادەکران جەماوەری ئەم گەرەکە دوکان و چایخانەکانیان داخست و بەگەر خۆپێشاندانەکان کەوتن لەلایەکی دی پۆلیس کەوتنە ناو خەلك ودەستگیرکردنی بە سەدان کەس .

لە شانۆگەری یەکانی دی خۆش بەختانەلە دەرفەتێ گونجاو لە شانۆی ( انا امك یا شاکر ) – واتە شاکر من دایکتم – ئامادە بوم , هەڵبەتە شانۆگەرێکی سیاسی زۆر زەق وبەتێن بو دژ دامودەسگاکانی ئەمنی ئەم کات بە تایبەتی ورژێمی مەلەکی بە گشتی , ناوەرۆکی شانۆگەریەکە زۆر بە سەرکەوتوانە درندایەتی ونامرۆڤی پیاوانی ئەمنی رادەگەیاند شاکری لاوێ گەنجی خوێن گەرم بۆ وڵاتەکەی لە نێو باوەشی دایکی رایدەپێچن هەڵبەتە ئەم تابلۆیە جۆشدار وای روخساند لە کۆتای شانۆکەدا خۆپێشاندانەکی فرەوان بەر پابێت دیسان بە سەدان خەڵکان کەوتنە بەر دەست وگورزی پۆلیسانی حکومەت .

یوسف عانی دو قۆلی لە گەڵ سامی عبالحمید دو کەڵەپیاوی شانۆگەری نەك لە چواچیوەی عیراق بەلکو لە گشت ولاتانی عەرەب هەردوکیان لە سالانی ناوەراستی پەنجاکان لە سەدەی رابوردو شانۆگەری ( نفوس ) یان پێشکەش کرد – هەردو پیاو زۆر برادەر بون و بە یەکەوە دەژیان نە شوێنیان دیار بو نە ناسنامە ( دفتر نفوس ) ی ئەم وەختە یان هەبو , ئەوەی لە یادم بێ بەیانی یەکەی رۆژی دەنگ دان بو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ,( سامی عبد الحمید ) سەرخۆش بو بە قەشمەری بە دەنگە قەبەکەی هاواری دەکردو یوسف عانیش دەیقۆزیەوە ئەیوت – لمن اصوت ... ؟؟ – بۆ کێ دەنگ بدەم .. ؟ واتەپەڵاربو بۆ رژیم ونوێنەرەکانی کاندید کە زۆربەیان پیاوی حکومەتی کۆنەپەرستی ئەم کات بوون , لەم کات وا بلاو بۆوە کە هەردو پاڵەوانی شانۆگەری لای میری زۆر عەزیت درابوون کە گۆیە شانۆگەریەکە رسوا کردن بۆ بە حکومەت وبەرلەمانی عیراقی .

لە هەرە شانۆگەریەکانی یوسف عانی و گروپەکەی کە بۆم روخسا لە کاتی نمایش کردنی لە یەك لە شانۆیەکانی بەغدا پلیتیم دەست کەوت وشاد بوم بە شەوی پر جۆش و خرۆش هەرگیز لە یادم دەرناچێت ئەمیش شانۆگەری یەکەی ناودار ( دباخانە ) کە ئەمیش خۆی الە خۆیەوە بریتی بو لە کۆمەلێك دابونەرەتی مامەلەو بازرگانی وچەوسانەوی پیاوانی هەژار لە نێو بازارەکانی بازرگانەکانی بەغدا دەوڵەمەندو بە دەسەڵات ..